# وەفدی ئیمراڵی پەیامی نوێی ئۆجەلان ئاشکرادەکات

وەفدی ئیمراڵیی دەم پارتی ناوەڕۆکی کۆبونەوەکەی ئەمڕۆی لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان ئاشکراکردو دەڵێت، ئۆجەلان لە کۆبونەوەکەدا وتویەتی، پڕۆسەی چارەسەری چوەتە قۆناغێکی نوێ و بەرپرسیارێتی هەموانە پابەندبن بە داخوازییەکانی پڕۆسەکەوە.

وەفدی ئیمراڵیی دەم پارتی، ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە، لە ڕاگەیەندراوەکدا وتی، کۆبونەوەکەی ئەمڕۆیان لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان کە دو سەعات و نیوی خایاندوە، کۆبونەوەیەکی زۆر باش بوە.

وەفدی ئیمراڵیی دەم پارتی جەختی کردۆتەوە کە ئۆجەلان تەندروستی باشە و ورەی بەرزە. لە کۆبونەوەکەماندا ئۆجەلان جەختی کردەوە کە پڕۆسەی چارەسەری چوەتە قۆناغێکی نوێ، بەرپرسیارێتی هەموانە پابەندبن بە داخوازییەکانی پڕۆسەکەو ئەو هەنگاوە نوێیانە کە دەبێت بنرێن.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، ئۆجەلان لەبارەی کۆبونەوەی نێوان وەفدی دەم پارتی و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کە بڕیارە سبەی دوشەممە بەڕێوەبچێت، وتویەتی، کۆبونەوەیەکی "مێژویی" دەبێت.

وەك لە راگەیەندراوەكەی وەفدی ئیمراڵیی دەم پارتیدا هاتوە، ئۆجەلان ئاماژەی بەوەداوە، ئەو لیژنەیەی كە لە پەرلەمانی توركیا پێكدەهێنرێت رۆڵێكی سەرەكی دەبینێت لە ئاشتی و چارەسەردا.

وەفدەكە وتیشی، لە كۆبونەوەكەدا بەر بەهێزیی ئومێد و متمانەو باوەڕ كەوتین بۆ بەشداریكردن لە پرۆسەی وەرچەرخانی دیموكراسی لە توركیا.

لە كۆتایی راگەیەندراوەكەیدا، وەفدی ئیمراڵیی دەم پارتی ئاماژەی بەوەداوە كە لە كۆبونەوەكەیاندا گوێبیستی ئەوە بون كە چەند سەربازێكی توركی بەهۆی كاریگەریی غازی میسانەوە لەنێو خاكی هەرێمی كوردستان گیانیان لەدەستداوە، "ئەو روداوە بوە مایەی خەمێكی قوڵ بۆ ئۆجەلان و بۆ هەمومان."